## هونەرمەند عەدنان کەریم بۆ گوڵان:

# تا لە ناوهونەردا قووڵ بینەوە ئەوکات دەزانین کە دەبێ زیاتر فێربین

دیمانە/ خەلیل بلەیی



کاتێك هونەرمەندێکی گۆرانیبێژ سـەدای دەنگی بە میلۆدییەکی نوێ تاقیدەکاتەوە، وەك ئەو شاعیرەیە کە میتافۆرێکی بناغەیی دادەهێنێت و شـێوە کۆنەکان لە گەوهەری نوێدا بەرجەسـتە دەکات، داهێنانی هونەری لای عەدنان کەریم لێرەدایە، دوای ئەوەی هونەردۆسـتانی بۆ زیاتر لە چل سـاڵی پڕ لە هەست و سـۆزی رۆمانسیانەی پێش ئێسـتا گەڕاندۆتەوەو بە تەکنیکی تازەکارەوە مەزنێتی هونەری کوردی نیشانداون، هەر لە پەیامەکەی نالی بۆ شـارەزوور و وەڵامەکەی سالم تا دەگاتە مامڵـێ و خاڵە تایـەر و عەلی مەردان و پاراسـتنی رەسـەنایەتی هونەری لە باکوورەوە تـا لای کامکاران، بە خواستنی بناغەییەوە لە تەلی ئاوازەکانـی دەدانـەوە.. ئەمجارەیان بە شێوەیەکی پەرەسەندووتر لە باخی ڕازاوەی شـاعیرە کلاسـیکییەکانەوەو بە ڕەوانـبێژییەکی مەییوو، پەڕیوەتەوە لای هۆنراوەکانـی عەبدوڵـڵا پەشـێو کە لـە نـاوەڕۆك و شـێوازدا سـەنگین و جددیین،بۆ ئەمیشیان بە دەنگی زوڵاڵـی خۆیەوە، هاوشـان لەگـەڵ خاتوو سەبای کامکار تاموچێژێکی تـایبـەت دەبـەخشـنەوەو گوێچکەی خەڵك بەگۆرانی و موزیکی ڕەسەن تێروپاراو دەکەن.. لە دیمانەیەکـی تایبەت بە گۆڤاری گـوڵان عەدنـان کەریمـی هونەرمەند تیشـکی خسـتە سـەر چەند لایەنێکی ئەو بەرهەمە تازەیەو هەروەها باسـی لە چەند پرسێکی تایبـەت بە هونـەر و میدیای کـوردی کرد.

سێ کوچکەی (پەشێو، کامکاران، عەدنان)

*** با لە (خاتون)ەوە دەستپێبکەین، بەرهەمی عەدنان کەریمە یان کامکاران؟**

- (خاتون) زیاتر بەرهەمی کامکارانە، ئاوازەکان مامۆستا هوشەنگ کامکار دایناون. کاتێک منیان ئاگادار کردەوە کاری مۆسیقایان کردبوو، بەڵام وابزانم چەند ساڵێکە چاوەڕێی گۆرانیبێژێکی گونجاو بوون بۆ ئەوەی بتوانێت ئەو ئاوازانە بخوێنێت، کە پێوەندییان بە منەوە کرد بۆ ئەوەی من ئەو گۆرانیانە بڵێم، دیارە کامکاران دەزانن کە من تا رادەیەک کەمە ئەزموونێکم هەیە لەگەڵ هۆنراوەی کلاسیک و شیعری نوێ بەتایبەتی ئەو شیعرە نوێ و هاوچەرخانەی مامۆستا عەبدوڵڵا پەشێو، ئاسان نییە و میلۆدیەکانی دەبێ دووبارە نەبێتەوە و لەگەڵ وێنە شیعریەکاندا بە وردی مامەڵە بکرێ.

*** تۆ (پەشێو) ت هەڵبژارد یان کامکاران؟**

- کاک هۆشەنگ کامکار لە پێوەندییەکدا

## هۆنراوەکانی پەشێو هاوچەرخن، شیعری کە دەبێ میلۆدییەکەی دووبارە نەبێتەوە

ئاگاداری کردم کە ئەو بەرهەمەی ئامادە کراوە تایبەتە بە هۆنراوەکانی مامۆستا عەبدوڵڵا پەشێو وەک رێزلێنانێک بۆ ئەو شاعیرە بەرزەی کورد، لە راستیدا چوار هۆنراوەی هەڵبژاردبوو بۆ ئاوازەکانی، ئەوەی ماوە سێ مەقام بوو هەر لەو بەرهەمەدا پێشەکی هەڵبژاردنی هۆنراوەکانی بۆ من بەجێهێشتبوو، واتە هەڵبژاردنی هۆنراوەکان بە ئارەزووی هەردولامان بوو. بەداخەوە کە لە رۆژهەڵاتی کوردستان و کتێبخانەیەک لە سوید دیوانەکەی مامۆستا عەبدوڵڵایان چاپکردبوو بە بێ پرسی خۆی کە زۆر هەڵەی تیادابوو، ئەو چاپە پڕ لە هەڵانە کەوتبووە دەست کامکاران، هەر بۆیە هەوڵێکی زۆرمدا بۆ راستکردنەویان لەکاتی تۆمارکردن لە سەردانەکەمدا بۆ تاران. ئەو ستایلەی کە داواکرابوو لێم بۆچڕینی مەقامەکان سەربەستانە بوو، من زیاتر هەوڵم داوە لە گەڵ هەڵچوون و داچوونی مۆسیقاکە مەقامەکان بڵێم، هەوڵم داوە شێوازە ڕەسەنەکانی وەک هونەرمەندان تاهیر تۆفیق و عەلی مەردان و قادر دیلان حەمە ساڵح دیلان بەرگوێی خەڵکی بدەمەوە، بەڵام بە دەنگی خۆم، خۆتان دەزانن کە ئەو هونەرمەندانە لای من ڕوونترین و بێگەردترین سەرچاوەی لەبن نەهاتووی مۆسیقای کوردین، کە هەر دەنگی ئەو هونەرمەندانەیە لە شوناسی مۆسیقای بێگەردی کوردیمان نزیک دەخەنەوە.

لە هەردوو بەرهەمی (ئەم شەو)و (وەفایی) ڕای مامۆستا یاسین قادر بەرزنجیم وەرگرتووە لە هەڵبژاردنی ناوی بەرهەمەکان، بەڵام بەرهەمی (خاتون) کامکاران خۆیان ناوەکەیان داناوە.

### لێکنزیک بوونەوەی زاراوەکان بە گۆرانی

*** تۆ وەك عەدنان کەریم بەپێی توانا و زیاتریش لە ڕێگای هونەرەکەتەوە هەوڵتداوە زاراوە کوردیەکان لێك نزیك بکەیتەوە، هەوڵی ترت بەدی کردووە لەم بوارەوە؟**

- بەڵێ ئەوەی دەیبینم بە زاراوەی کرمانجی و زاراوەی تر گۆرانی دەوترێ، بەڵام بە رای من بە رادەی پێویست نییە، کلتوری ناوچەی هەورامان کە کلتورێکی زۆر ڕەسەنی کوردییە، پێویستە میدیا کوردییەکان کلتوری ئەو ناوچەیە زیندوو بکەنەوە و پشتگیری لێبکەن، یارمەتی ئەو گۆرانیبێژانە بدەن کە لەوێ گۆرانییان گوتووە و زیاتر بە خەڵکیان ئاشنا بکەن.

کەواتە هەوڵەکان هەن، چەندین گەنج هەن گۆرانی بە کرمانجی دەڵێنەوە، ئەمەش مایەی دڵخۆشییە بۆ من،هەوڵ بدرێت زیاتر زاراوە کوردییەکان لێك نزیك بکرێنەوە، چونکە هەندێك ناوچەی کوردنشین هەن کە زاراوەی سۆرانی شارەزا نین، دەکرێ لە ڕێگای گۆرانییەوە شارەزایی و نزیکبوونەوە و تێگەیشتنێك هەبێت بۆ زاراوەکانی دیکەش.

### جیاوازی لە ستایلەکانی گۆرانیدا

*** چ جیاوازییەك بەدی دەکرێت لەنێوان (خاتون) و بەرهەمەکانی ترت؟**

- گرنگی هونەرمەند لەوەدایە کە بتوانێت دووبارە نەبێتەوە، هەوڵ بدات هەمیشە شتی نوێ بخولقێنێ، ئەگەر لە (شەوی یەڵدا) و دوای ئەوە (ئەرۆی ئۆغر) دوای ئەویش (شنەی با) و (تاقگەیەك لە عیشق) و (ئەمشەو) و (وەفایی) و (خاتون) کە بەرێوەیە، وردبیتەوە هەست بە گۆڕانەکان دەکەی،هەر لەگەڵ کامکاراندا (ئەمشەو) ستایلێکی تایبەتی هەبوو کە زیاتر نزیك بوو لە سووننەتی و مامەڵە کردن لەگەڵ ئامێرە کوردیەکان، دواتر (وەفایی) کە شێوازەکەی ئۆرکیسترالی بوو و زیاتر ئامێری کلاسیکی تێدا بەکارهێنرا تەنانەت جۆری گۆرانییەکانیش گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، جیاوازی (خاتون) لەوەدایە کە



من هەر گۆرانییەکی وەك ئۆپێرایەك دەبینم و دەتوانم بڵێم سەرەتایەکە بۆ دروستبوونی ئۆپێرای کوردی، چونکە شاعیر دەوری ڕۆڵی خۆی هەیە و بەدەنگی مامۆستا عەبدوڵڵا پەشێو شیعرەکان دەخوێندرێتەوە لە هەمان کاتدا مۆسیقایەك هەیە کە دابەشکردنێکی سیمفۆنی بۆ کراوە، لە پڕ گۆرانی بە دەنگی من و دەنگی خانمێك دێتە پێشەوە کە سەبای کامکارە، ئینجا گرووپی کۆڕ و مۆسیقا، ئەم هەڵچوون و داچوونە لەم ئاوازانەی کە لەم سیدییە نوێیەدا هەیە جیاوازترە لە ئاوازەکانی خۆم، لەوانەیە خەڵك زیاتر ئاشنا بن بەو ئاوازانەی من دامناوە، بەڵام ئەمانە ئاوازی هونەرمەندێکی ترە، لای خۆم لە ئاوازەکانی خۆم جوانترن هیوام وایە کە خەڵك بەم ئاوازە نوێیانەش ئاشنا بن.

*** بۆ تۆ ئەم کارە ئاسانتر بوو یان کارەکانی پێشتر؟**

- بێگومان کاری خۆت ئاسانترە، چونکە ئاوازێك دادەنێیت لە هەموو دووری و نزیکی و

**ئەم (خورشیدی)یەی کە لە کوردستان و لە ناوچەی گەرمیان دەوترێت زۆر جیاوازە لەگەڵ (چارگاه)ی فارس**

وردەکارییەکانی ئاوازەکەی خۆت شارەزای، بەڵام ئەگەر ئاوازی کەسێکی تر بێ، دەبێ ئاشنای بێ و لەگەڵ ئاوازدانەرەکە دابنیشی و بزانی مەبەستی ئاوازدانەر لە هەڵچوون و داچوونی ئاوازەکە چییە بۆ ئەوەی بتوانی بە جوانی بیچڕی.

### هونەر بەردەوام فێربوونە

***هونەرمەند کەی دەگاتە لوتکە و لوتکەی هونەری لای عەدنان کەریم چی دەگەیەنێت؟**

- ئەوە خەڵکەو هەندێک لە ڕۆژنامەنووسەکان وشەی لوتکە دەخەنە پاڵ ئەوهونەرمەندانەی کە خۆ شیاندەوێن، بەڵام من پێموایە لە هونەردا گەیشتن بە لوتکە نییە، تا لە ناوهونەردا قوڵ بینەوە ئەوکات دەزانین کە دەبێ زیاتر فێربین بۆ ئەوەی وشەی هونەرمەندمان پێببەخشرێ.

***تۆ زۆر گوێ لە خالە تایەر و عەلی مەردان دەگری، تا ئێستا شت هەیە کە پێویستە لێیانەوە فێربی؟**

- من هەمیشە لەوان فێر دەبم، ئەوان گەورەترین سەرچاوەن بۆ من بەتایبەت عەلی مەردان هەرجارێك گوێی لێدەگرم شتێکی تازەی لێ فێردەبم و ئەو کات هەست دەکەم کە زۆر شت هەیە نایزانم و دەبێ زیاترفێربم.

***دەکرێ پێناسەیەکی ڕەسەنایەتی هونەرمان بۆ بکەیت؟**

- هیچ میللەتێک نییە لەسەر ئەم ڕووی زەمینە



ناسنامەیەکی تایبەتی خۆی نەبێ، هەموو ئەو دابونەریت و کولتورە، پۆشاک،زمانی ئاخافتن، مێژوو،خـــاک وســـنوری جوگرافی،جـــۆری دەربڕینـــی گۆرانی و مۆســـیقا، هەموو ئەمانە ناســـنامەی میللەتێکـــن، زمانـــی دەربڕینی کارێکی هونەری بە هەموو بەشـــەکانییەوە کە تایبەتە تەنها بەو میللەتە لە ناو ناســـنامەکەیدا دەتوانین ناوی بنێین ڕەسەنایەتی. هونەر زادەی سروشـــتێکە مرۆڤ دەیخولقێنێ و دەیگونجێنێ لە نـــاو فەرهەنگ و نەریتێکی ڕۆژانەی لە ناو ســـنورێکی دیاریکراودا کـــە خۆی لە کۆمەڵە مرۆڤەکانی تـــر جیادەکاتەوە. هەربۆیە زۆربەی

## کلتوری ناوچەی هەورامان کە کلتوورێکی زۆر ڕەسەنی کوردییە، پێویستە میدیا کوردییەکان کلتوری ئەو ناوچەیە زیندوو بکەنەوە

زۆری نەتـــەوەکان هونەرەکەیان بە ناســـنامەی نەتەوەکەیان دەناسرێن، دەڵێن هونەری مۆسیقای هینـــدی، یابانی، ئســـپانی، عەرەبی، تورکی، فارســـی و کوردی تاد. هەمیشـــە مۆســـیقا زادەی سروشـــتە، ئاوازێـــك کە لەناو شـــاخ و کێوی کوردســـتان دایدەنێیت زۆر جیاوازی هەیە لەگـــەڵ ئەو ئاوازەی کە بەر گوێت دەکەوێ لە بیابانەکانی سعودی عەرەبی. کێ دەتوانێت بڵێت ئـــەم بەراوردانە لەیەکتر نزیك و وەکو یەکن، ئەمە مەحاڵە، ژینگە و سروشت ڕۆڵ دەبینن.تەنانەت ناوچە جیاجیاکانی کوردستان لە گەرمێنێ بۆ کوێســـتان جۆری چڕینی ئـــاوازەکان گۆڕانی بەســـەردادێ، بۆ نموونە لـــە هەورامان ئەوەی تۆ لە هۆرەی جاف و ســـیاوچەمانە دەیبیستی لە قاســـپەی کەو دەچێت. ئەگەر لەسەر ئاستی نەتـــەوە جیاکانیش وردی بکەینەوە بۆ نمونە کە مامۆســـتا عەلی مەردان مەقامی (خورشیدی) دەچـــڕێ کە عەرەب پێی دەڵێـــن (حیجازکار) و فارس پێی دەڵێن (چار گاه)، ئەم (خورشـــیدی) یەی کە لە کوردســـتان و لە ناوچەی گەرمیان دەوترێـــت زۆر جیـــاوازە لەگەڵ (چـــارگاه)ی فارس ئەمەش بـــەو دەنگەی کـــە جیابووەتەوە بـــۆ نموونە ئـــەوەی کە عەلی مـــەردان دەیڵێ، ئەگەرموســـیکزانێک بە نۆتە بۆ خەڵکی ڕون بکاتەوە و بینووسێتەوە بەشێوە تیۆرییەکەی کەس تێینـــاگاو بۆی جیا نابێتـــەوە، بەڵام مرۆڤ بە گوێچکە جیای دەکاتەوە و دەزانی ئەمە کوردییە یان نا، (خورشـــیدی) لەناو جەرگەی مۆســـیقا و ڕەگورپشـــە و مێژووی کوردەوە سەریهەڵداوە، ئەمەیـــە دەتوانین بڵێین مۆســـیقای ڕەســـەنی کوردی، هەر هەمان (حیجاز کار) بیبە لە تورکیا بە جۆرێکی تر دەیڵێن، ئەمە ڕۆحە جا کەسێك بۆ نموونە گاڵتەی بە ڕەسەنایەتی مۆسیقای کوردی دێت، ئەوە لە بەتاڵی و ناشـــارەزایی خۆیەتی کە ئەسڵەن ناسنامە و بوونی نەتەوەی کوردی بەلاوە گرنگ نییە.

عـــەرەب و فارس و تـــورك و هیندیەکان باس لە مۆسیقای ڕەســـەنی خۆیان دەکەن، کوردیش بە هەمان شـــێوە مۆسیقای ڕەســـەنی خۆی هەیە، بەڵام بۆچـــی کورد بەلایەوە شـــەرمەزاری بێت باس لە مۆســـیقای ڕەســـەنی وڵات و نەتەوەی خۆی بکات، لەکاتێکدا تاکو ئێســـتا پێمان ڕەوا نابینرێ ببین بە وڵاتێکیش و هەمیشـــە دەڵێین ئێمە پارچەیەکین لە عێراق و دەترســـین خۆمان جیابکەینەوە، جا کە دەترســـین دەمانەوێ کلتوور و هونەرەکەشـــمان ببەخشـــین بـــە نەتەوەکانی دراوســـێمان، من لە ڕوانگەیەکـــی مرۆڤایەتی بەڕێزەوە سەیری نەتەوەکان دەکەم، بەڵام کوردیش مافی خۆیەتی بڵێ مۆســـیقای نەتەوەیی خۆم هەیە، جا چەند هونەرمەند و شاعیر و نووسەر و ئەدیبەکان هەوڵ بدەن مۆسیقای ڕەسەنی کوردی بە دونیا بناسێنن و شانازی پێوە بکەن ئەوەندەش کاری میدیاکانە و حکومەتی کوردستانە کە بیر بکەنەوە لە پایتەختێکـــی وەکو هەولێر هۆڵێکی گەورەی کۆنسێرت دروست بکەن دەمەوێ ئەوەش بۆ دەسەڵاتی کورد ڕوون بکەمەوە کە هۆڵێک بۆ موئتەمەرات و کۆبوونـــەوەی حیزبی بەکار دێت جیاوازە لەگەڵ هۆڵی کۆنسێرتی مۆسیقا،

## شاری هەولێر دەبێ هۆڵێکی گەورەی نمایشی مۆسیقای تیا بێت بۆ ئەوەی لە پاشە ڕۆژدا بتوانین چەندین گروپی نەتەوە جیا جیاکانی دنیا بانگهێش بکرێت بۆ کوردستان

چونکە ئاکوســـتیکی دەنگی ئـــەم دوو جۆرە هۆڵانە جیاوازن. لەبەر ئەوە شـــاری هەولێر دەبێ هۆڵێکی گەورەی نمایشی مۆسیقای تیا بێت بۆ ئەوەی لە پاشـــە ڕۆژدا بتوانین چەندین گروپی نەتەوە جیا جیاکانـــی دنیا بانگهێش بکرێت بۆ کوردستان ئێمەش هونەری نەتەوەی کوردیان پێ بناسێنین.

### زۆری سەتەلایت فاکتەر نییە بۆ دەوڵەمەندکردنی کەلتوور

*** تورکەکان کاتـــی خۆی ئەدەبیاتی میللەتانی تریـــان برد و ئـــاوازی تورکییان لە ســـەر دانا، ئێمەی کورد چیبکەین بۆ ئەوەی هەر هیچ نەبێ**

**زۆر ڕەشبینم بەم داهاتووەی هونەر و فەرهەنگی کوردیە وا هەست دەکەم ڕۆژ بە ڕۆژ خراپتر دەبێ**

**کلتووری خۆمان لە فەوتان بپارێزین؟**

- بە بۆچوونی من ئەگەر کورد ئێستا پەنجا سەتەلایتی هەبێ حەق وایە بکرێ بە دە سەتەلایت، واتە پارەی چل سەتەلایتەکەی تر بخەنە خزمەتی فەرهەنگی وڵاتەکەوە و کەسێکی شارەزا هەوڵ بدات بەڕێوەیان بەرێت، ئەگەر ئاوا بەردەوام بێت بەرەو خراپی دەڕوات، چونکە تەلەفزیۆنێك لەپێناو پارەی پەخشەکەی هەرچی لە دەستی بێت دەیخاتە سەر شاشە.

**پەنابردنە بەر مۆسیقای بێگانە**

***کە کلیپێك دەبینی یان گوێت لێدەبێت تەنیا دەنگەکەی کوردییە، هەست بەچی دەکەی؟**

- پێم وابێ دەنگەکە کوردی نییە تەنها گوێم لە وشەی ناڕیک و بێتامی کوردییە، کە حەز ناکەم گوێیان لێبگرم. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ کە من گوێ لە گۆرانی عەرەبی و تورکی و فارسی ناگرم، نەخیر گوێیان لێدەگرم لە هەموو لەرە جیاوازەکانیشیان شارەزاییم هەیە، حەز دەکەم بە زمانەکانی خۆیان گوێم لێیان بێ. زۆر گۆرانیبێژ هەن ئەوەندە شارەزای هونەری نەتەوەکانی دراوسیمانن هیچ ئامادە نین ئاوێتەی هونەری میللەتەکەی خۆیان بن. من پێم حەیفە کە بە زمانی بێگانە گۆرانی نالێن، چونکە لەوانەیە لەوێ ناودارو دیارتر بن. بەڕای من ئەم جۆرە کارانە دووفاقی کەسایەتی دیاری دەکات کاتێک کەسێک فەرهەنگ و هونەری نەتەوەکەی خۆی پێ شەرمە دەیەوێ لە سایەی نەتەوەیەکی تر کەموو کورتیە دەروونییەکانی خۆی پەردەپۆش بکات. و دەبێ میدیای کوردی لەم کێشە دەروونیانە بگات نەک شەو و ڕۆژ بە هونەرێکی ڕاقی بفرۆشیتەوە بە میللەتی کورد لە ڕووی شاشەکانیانەوە. کارەساتەکە لێرەدایە کە دەسەڵاتی کوردی ئەم دیاردەیە بە سادەیی وەردەگرێ وهیچ بە پەرۆش نییە لە تێکچونی فەرهەنگی میللەتەکەی ڕۆژ بە ڕۆژ

**پێویست نییە هونەرمەند چاوپێکەوتنێك بە خۆڕایی لەگەڵ کەناڵێك بکات ئەگەر ئەو کەناڵە توانای بەسەر پارەی کرێنشنی ئاسمانی هەیەو بودجەی ساڵانەی بۆ بڕاوەتەوە لە حکومەتەوە**

هەر کەناڵی بێتامی کوردییەو دەکرێتەوە،وەک پەتایەک ئەم دیاردەیە بڵاو بۆتەوە دیاردەی چاولێکەری کەناڵی ئاسمانی کردنەوە ئێستا باوێتی، بێ ئەوەی کەسێک لایەنێک دەست بخاتە سەربرینی ڕاستەقیەی هونەر و کلتوری کوردی و تیمار بکات. زۆر ڕەشبینم بەم داهاتووەی هونەر و فەرهەنگی کوردیە وا هەست دەکەم ڕۆژ بە ڕۆژ خراپتر دەبێ.

*** کەی کۆنسێرتێك لە کوردستان ساز دەکەی؟**

- من کە سیدی (وەفایی)م لە هەولێر لە هۆڵی کۆنگرەکان و لە هۆڵی تەلاری هونەر لە سلێمانی پێشکەش کرد لەسەر شانۆ، بە سپۆنسەری ئاسیا سێڵ بوو، بۆیە پێویستە لەگەڵ کۆمپانیایەك کە ئەم کارانە دەکات ڕێك بکەوم، من ناتوانم بێم بڵێم سبەینێ کۆنسێرتێك دەکەم، چونکە ئەو کۆنسێرتە دەبێ کەسێك ڕایپەڕێنێت، من دەبێ خۆم تەرخان بکەم تەنیا بۆ گۆرانی وتن و نابێ بیر لەوە بکەمەوە چ هۆڵێکە و کەی پڕ دەبێت و کەی چۆڵ دەبێت، بە ڕای من سیدی (خاتون) ئەگەر لەسەر شانۆ پێشکەش بکرێت زۆر بە تامتر و زیندووتر دەبێت، جا لەکاتی بڵاوکردنەوە یان لە دوای بڵاوکردنەوە بێت، ئەمەش پێویستی بە خەرجییەکی زۆر هەیە، گروپی ئۆرکێسترا و کۆڕی دەوێ، بەلایەنی کەمەوە لەسەر شانۆ پێویستە ٦٠-٧٠ موزیکزانت هەبێ، جا کەی کوردستان خۆی تەرخان دەکا بۆ ئەم جۆرە کارە کلتوریانە ئەوا پرسیارەکە ئاراستەی میدیا کوردییەکان و کار بەدەستانی ئەم وڵاتە دەکرێت، بەڵام ئەگەر ئەوە نەبێت ئەوا نەکرێت باشترە.

***کەواتە دەتوانین بڵێین یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی بەرهەمی (خاتون) ئەوەیە کە ڕاستەوخۆ پێشکەش بکرێت؟**

- نەخێر ناتوانین وا بڵێین، چونکە هەریەکەو تامی خۆی هەیە، هەموو بەرهەمەکان بەو شێوەیەن بۆ نموونە (وەفایی) کە گوێی لێدەگری جۆرێکە و کە موزیکزانەکان و هونەرمەند دەبینی ڕاستەوخۆ گۆرانی دەڵێ جۆرێکی تر و تاموچێژێکی تری هەیە.

*** ماوەیەکە لە کوردستانی، بەڵام بۆچی دەرکەوتنت کەمە لە میدیاکان ئایا گلەییت هەیە؟**

- تەلەفزیۆنە کوردییەکان دەبێ ئەوە تێبگەن کە هونەرمەندێك بگاتە ئاستی شوهرەتی خۆی پێویستی بە دەرکەوتن نییە و کاتێکیش دەیانەوێ پرۆگرامێکی لەگەڵدا ساز کەن پێویستە بێن گرێبەستی لەگەڵدا بکەن، پێویست نییە هونەرمەند چاوپێکەوتنێك بە خۆڕایی لەگەڵ کەناڵێك بکات ئەگەر ئەو کەناڵە توانای بەسەر پارەی کرێنشنی ئاسمانی هەیەو بودجەی ساڵانەی بۆ بڕاوەتەوە لە حکومەتەوە، دەبێ کەناڵی پرۆفشنال بن مافی تەواوی هونەرمەند بدەن نەک هونەرمەندەکە بەوە قەرزاربار بکەن کە بەخەڵکی دەناسێنن ئەمەیە وای لە کەناڵە کوردیەکان کردوە هەموو بەرهەمێکی خۆڕایی وەربگرن ئەوکات ئەو هونەرە دەبینی کە ئێستا پەخش دەکرێ، چونکە ئەوەی کە نایزانن پۆلێنکردنی هونەر و هونەرمەندانە. هەر بۆیە تەمەننا دەکەم نمونەیان کەم بێتەوە. وا هەست ئەکەم ئەوەندە زۆر بوون ئەو نەتەوانەی زۆردەمێکە وڵاتن بە ڕێژە ی پارچە بەناوفیدڕالی بە عێراق لکێنراوەکەی ئێمەی نیە.

*** لە (خاتون) چ پەیامێکت هەیە؟**

- خاتون حەوت تراکە و هەر حەوتیان بە دەنگی من و سەبای کامکار تۆمار کراوە، هیوام وایە کە کۆمپانیایەك بە ڕێکوپێکی و ڕاستگۆییانە کارەکە وەرگرێت و بەشێوازێکی باش لەناو کوردستاندا بڵاو بکرێتەوە.



# حەز ناکات زۆر وێنەی لەگەڵ بگرن

کچە گۆرانبیێژی باکووری کوردستان نارینا کوردی ماوەیەك لەگەڵ خانەوادەکەی لە باشووری کوردستان ژیان بەسەر دەبەن و چەندین کاری هونەری جیاجیا و سەرکەوتووی ئەنجامداوە کە بە هۆیانەوە لەلایەن جەماوەرە و وەك هونەرمەندێك ناسراوە.

نارینا دەربارەی ناسراوی دەڵێ: هەر هونەرمەندێك حەز دەکات لەلایەن جەماوەرەوە بناسرێت ، چونکە باشترین سەرمایەی هونەرمەند جەماوەرەکەیەتی و بوونی جەماوەر گەورەترین سەرمایەیە بۆ هونەرمەند، کاتێك هونەرمەند لەلایەن جەماوەر ناسرا، ئەو کات هەست بەوە دەکات کە شتێکی پێشکەش بە میللەتەکەی خۆی کردووە.

بەڵام نارینا پێیوایە، رەنگە هەندێك جار ناسراوی ببێتە هۆی نیگەران کردنی هونەرمەندانی کچ بەتایبەتی کاتێك جەماوەر داوای لێدەکەن وێنەیان لەگەڵ بگرن، لەم بارەیەوە نارینا دەڵێ: من زۆر حەز ناکەم وێنە بگرم، چونکە ئێستا کەسانێك هەن بیر لەوە دەکەنەوە وێنەکان بەشێوەیەکی تر و نەگونجاو بەکاربهێنن.



# جنێڤەر: خۆشەویستی زۆر ئاڵۆزە

جنێڤەر ئەنیستۆنی خانمە ئەکتەری ئەمریکی پێیوایە پێوەندییە خۆشەویستییەکانی ئەم سەردەمە پڕە لە گیروگرفتی جیاجیا کە زۆر جار چارەسەر ناکرێن.

زۆر لە چاودێران پێیانوایە کە جنێڤەر ئەنیستۆن یەکێکە لەو ئەکتەرانەیە کە چانسیان نییە لە پێوەندییە خۆشەویستییەکاندا بەتایبەتی دوای جیابوونەوەی لە براد بیێت، چونکە بە چەندین پێوەندی خۆشەویستی تردا تێپەڕیوە، بەڵام لە هیچیاندا سەرکەوتوو نەبووە هەرچەندە ئێستا لە پێوەندییەکی گەرموگوڕدایە لەگەڵ جاستن تیرۆ.

ئەنیستۆن دەڵێ: فشارێکی زۆر لەسەر مرۆڤ دروست دەبێت کاتێك دەکەونە نێو پێوەندییەکی خۆشەویستییەوە و پێموایە رۆڵی ئافرەت لە خۆشەویستی و ژیانی هاوسەرێتیدا گۆڕاوە و پێویستە هاوسەرێك بدۆزنەوە کە لەگەڵی بگونجێن، لەوانەیە زۆر ئاسان بێت تا خۆشەویستێك دەدۆزیتەوە، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات دەردەکەوێت کە بەردەوام بوون لەسەر خۆشەویستی کارێکی چەند قورس و سەختە و دەبێ پێشبینی هەموو شتێکی نوێ و چاوەڕواننەکراو بکرێت.



# جانێ ژیانی ئەورووپای پێ سەختە



خانمە هونەرمەند هۆزان جانێ کە ئێستا نیشتەجێی وڵاتی ئەڵمانیایە لە پێوەندییەکدا دەربارەی ژیان لە تاراوگە وەك ئافرەتە هونەرمەندێك دەڵێ: منیش وەك هەر مرۆڤێکی دیکە ژیانی ئاسایی خۆم بەسەر دەبەم، بەڵام بۆ من ژیان لە ئەورووپا تا رادەیەك سەختە، چونکە من کار دەکەم بۆ پەیدا کردنی بژێوی ژیان، لە هەمان کاتدا کاری هونەریش دەکەم بۆیە کاتم زۆر نییە، ژیانی ئەورووپا چەند خۆش بێت، چونکە وڵاتی خۆت نییە تاموچێژێکی ئەوتۆی نییە.

دەربارەی تاکە کچەکەشی جانێ دەڵێ: من حەزم دەکرد کچەکەشم ببێت بە هونەرمەند، بەڵام ئەو حەزی لە بواری هونەری نەبوو و زیاتر حەزی لە خوێندنە بۆیە منیش رێگای خوێندنم لێی نەگرت و هاوکاریشم کرد.

# سوانک هەمیشە سەرنجڕاکێشە

هیلاری سوانك بەوە ناسراوە کە روو لە هەر شوێنێك بکات ئەوا سەرنجی جەماوەر بۆ خۆی رادەکێشێت و دەبێتە بابەتی بەرگی گۆڤارە هونەرییەکان.

بەر لە چەند رۆژێك هیلاری بەشداری لە فیستیڤاڵی Griffonsدا کرد کە تایبەتە بە فیلمە ئیتالییەکان .

ئەوەی ئەم جارە زیاتر بووە مایەی راکێشانی سەرنجی جەماوەر و رۆژنامەنووسان ئەو کراسە زەردە جوانە بوو کە بۆ یەکەمجار بوو بەوشێوە دەردەکەوێت، ئەم کراسە لە دیزاینی تۆری بۆش بوو، سوانك بەم بۆنەیەوەی بە جەماوەرەکەی و رۆژنامەنووسانی ڕاگەیاند کە بە نیازە دووبارە بگەڕێتەوە سەر شاشەی سینەما بە فیلمێکی رۆمانسی کۆمیدی بەناوی (New Year’s Eve) کە بە شێوازێکی نوێ تێیدا دەردەکەوێت و بڕیار وایە بەم نزیکانە لە سەرتاسەری جیهان نمایش بکرێت.



# لۆهان لە پۆرتمان باشتر نییە

قسەکەرێك بەناوی لیندسی لۆهانی ئەستێرەی سینەمایی ئەمریکی ئەو هەواڵانەی رەت کردەوە گوایە لۆهان رایگەیاندووە خۆی لە ناتالی پۆرتمان لە فیلمی (مراویە رەشەکە) دا بە باشتر دادەنێت. پێشتر گۆڤاری (پاڵم) لەسەر زاری لۆهان رایگەیاند بوو گوایە ئەو باشترین کەسە کە دەستنیشانکرابێت بۆ بینینی ڕۆڵی پاڵەوانییەتی لەو فیلمەدا، چونکە پێشتر تا تەمەنی ١٩ ساڵی وانەی بالێی خوێندووە.

لەلایەن خۆیەوە ماڵپەڕی (ئای ئۆنلاین) لەسەر زاری ستیف هۆنیگ وتەبێژ بەناوی لۆهانەوە رایگەیاند کە لێدوانەکانی لۆهان زیاد لە پێویست گەورە کراون، هۆنیگ ئەوەشی رەتکردەوە کە لۆهان لەکاتی وێنەگرتندا بێهۆش بووبێت لەژێر کاریگەری کهولدا، شایەنی باسە، ناتالی پۆرتمان خەڵاتی ئۆسکاری لە ڕۆڵی لە فیلمی (مراویە رەشەکە) بەدەستهێناوە.

